نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر پابەندیی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی کردەوە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی ڕەوەندی عێراقی لە ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی مارتن مەننا، سەرۆکی ژووری بازرگانیی کلدانی ـ ئەمەریکی کرد.

لە دیدارێکدا نێچیرڤان بارزانی ستایشی ڕۆڵی ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوە کرد لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتگیرییان لە پێشخستنی ئابووری و گەشەپێدان، هەروەها جەختی لەسەر گرنگیی پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی و فرەیی کولتووری و ئایینیی عێراقییەکان و بەهێزکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان هەموو پێکهاتەکاندا کردەوە.

لای خۆیانەوە، شاندەکە پێزانینیان بۆ کولتووری یەکترقبوولکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی لەنێوان پێکهاتە جیاکاندا لە هەرێمی کوردستان دەربڕی، هەروەها داکۆکیان لە بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری ئابووری و وەبەرهێناندا کرد بۆ جۆرێک کە پشتگیریی گەشەپێدان بکات و دەرفەتی نوێ بۆ پەیوەندی لەنێوان ڕەوەندی عێراقی لە دەرەوە و کوردستاندا بڕەخسێنێت. لەمبارەیەوە چەند بیرۆکەیەکیان دەربارەی کار و پرۆژەی

وەبەرهێنان لەو دەشتی نەینەوا و هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر پابەندیی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا کردەوە و دڵنیایی دا کە هەرێمی کوردستان هەمیشە وەک نموونەیەک بۆ ئاشتی و فرەیی و کرانەوە دەمێنێتەوە، هەروەها بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان عێراقییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و هاوکاریی هاوبەشیان لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا بۆ هەمووان بە گرنگ زانی. هەر لەو میانەیەدا هەموو ئاسانکارییەکی بۆ ڕەخساندنی زەمینەی لەباری وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بۆ شاندەکە دەربڕی.